www.kurdistannet.org
07/06/2002 01:03

# کرۆنشتات بە پێی دیکۆمێنتەکانی خۆیان

سەلام عەبدوڵلا

کاتێ خێڵی لاشە بۆگەنەکە (رۆزا لۆکسمبۆرك وا بە سۆسیال دیموکراتەکان دەڵێ) بە ناوی چەپەوە، دێنە گۆ، دژایەتی شوعییەت لە پشت پەردەی ئەم زاراوانە (کۆمەڵگای مەدنی–تێڕوانینی هیگل–، "مۆدێرن"، بە گشتی کردنی رۆشنبیری–بەناوی رۆشنبیرەوە قسەدەکەن، بەلاّم سەد خۆزگە بە مەلای کوێرە دێیەك!. . .) دەشارنەوە. . . سەیر نییە، لە جیهانی یەك رەهەند، جەنگاوەرەکانی"مافی مرۆڤ، ئازادی، دیموکراسی"هەموو شتێك سەرلەنوێ دەنووسن وبلاّودەکەنەوە، ئەوی شوێنی شانازی بزووتنەوەی شیوعی بێ لە جیهان، بە هەزار"بەڵگەی"درووستکراووەوە لە لایەن بیرمەندو زاناو پسپۆڕەکانی قوتابخانە جیاجیاکانی بۆرژوازی، بە تیرۆری میدیاکانیانەوە، هەوڵی سڕینەوەیان دەدرێ. جا چی زۆرە، گێلەپیاوو گەلحۆو زۆرە کوێرانە لە دژی بەرژەوەندییەکانی خودی خۆیان، تەنانەت بەناوی"چەپ"وە قسەکانیان دووبارە دەکەنەوە!لەم رێگایەدا ئەنارشۆ سەندیکالیستەکانیش خۆیان لە ترادیسیونی یەکێتی بۆ دژایەتی بەلشەفیزم کە لە ساڵی١٩١٨لە ئەلمانیا دامەزراوە، دەبیننەوە.

ئەوەی هاوڕێ لینین لە بارەی کۆنتراکانی کرۆنشتات نووسیویەتی، کەمە، بۆیە گەڕام بۆ دوکۆمینتەکانی خودی ئاژاوەچییەکان، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بزانم ئەو رەوتە خۆی لە بارەی خۆی چی دەڵێ. لایەنگرانی ئەم تاونە لەلایەن گۆڤاری (سۆسیالیزم یان بەربەرییەت) و مەلا بەختیار (نۆژەن، ژمارە١، گۆڤارێکی ئالای شۆرش بوو) و (ژیانی نوێ) پرۆپاگەندەیان بۆ کراوە. . .

پێش ئەوەی ئاژاوەکەی کرۆنشتات دەستی پێ بکات، دوژمنانی بۆلشەفیکەکان لە پترۆکرادا کەوتنبوونە جموجۆڵ. بۆ نموونە رێکخراوێك بە ناوی"کرێکارە سۆسیالیستەکان"لە فێبروەری١٩٢١بەیاننامەیەکیان بلاّوکردەوە، بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێت: بۆ پێشەوە دژی کۆمونیستە رق لێبووەکان. . . بڕۆخێ دەسەلاّتی سۆڤێت. . . بژی ئەنجوومەنی دامەزراوی هەموو گەل"[1]

فریتس کول و ئیرڤین ئوبەلەندە کە هەردووکیان ئەنارشیستن، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ئاژاوەچییەکان دەکەن : زۆربەیان–مەبەستی دەریاوان و جووتیارەکانە–، کە لە لادێکانیان بوون، بینیان چۆن حکومەتی بەلشەفیکەکان، لە گەڵ جووتیاران و دەریاوانەکان، دڕندانە هەڵسووکەوت دەکەن. بینیان کە بەلشەفیکەکان دوا لەتکە نان و مەڕومالاّتی جووتیارەکان بە بێ بەزەییانە دەدزن"[2].

ئایا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان پروپاگەندەی وەلاتە ئیمپریالیستەکانی ئەو سەردەمە و ئێستاو ئەم ئەنارشیستانە لە دژی دەسەلاّتی شۆرشی ئەکتۆبەر و سۆڤێت؟

لە٢ی مارس، کۆمیتەی کاتی شۆرشگێرەکان دامەزراند و داخوازییەکانیان کە بە دیموکراسی لە قەڵەمدا، بریتی بوون لە لابردنی رێکخراوە کۆمونیستەکان لە ناو کارگەو لەشکری سوور، مافی ئازادی پرووپاگەندەیی بۆ ئەنارشیست و سۆسیال شۆرشگێڕەکان، هەڵبژاردنی نهێنی و ئازادی زیندانییەکان (داخوازییەکانیان١٥خاڵە) .[3]

یەکەم هەنگاویان بۆ دامەزراندنی کۆمیتەکەیان ئەوە بوو، هاوڕێ کۆزمین (سەرکردەی لەشکری سوور لە کرۆنشتات) لە کۆبوونەوەکەیان دوور دەخەنەوە و زیندانی دەکەن.

---

[1]/ دیموکراسی کرێکاران یا دیکتاتۆرییەتی حیزب، فریتس کول و ئیرڤین ئوبەلەندە، دوکۆمێنت، بەشی دووهەم،لاپەرەی٣٠٢

[2]/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی٣٠٣

[3]/ کرۆنشتات، لاپەڕەی١١–١٢، لە بلاّوکراوەکانی ئەنارشۆ سەندیکالیزم.

www.kurdistannet.org
07/06/2002 01:03

بۆچی ئەم هەنگاوە دەنێن؟

لە بەر ئەوەی کۆزمین لەناو کۆبوونەوەی ناوبراو ووتارێکی خوێندەوە، ئەمە کۆتاییەکەیەتی: کۆمونیستەکان، خۆویستانە لە دەسەلآتەکەیان نابوێرن و لە پێناویدا، تا دوا هەناسە خەبات دەکەن[4]. لە"سۆسیالیزم یان بەربەرییەتیش نووسراوە: لەو کۆنفرانسەدا، کازمین و ڤاسیلو لە دژی دەریاوانەکان قسەیان کرد و ووتیان کە هەرگیز دوو دەسەلآت قبوول ناکەن و تاکو کۆتایی لە دژیان دەجەنگن.[5] هەمان ئەم چارەنووسە تووشی هاوڕێ ڤاسلیڤ بووەوە، گوایە متکانەی پێ ناکەن، هەروا بە ناوی دیموکراسییەوە، ٣٠٠بەلشەفییان زیندانی کرد.

ئەو کۆمیتەیە لە سەر ئەساسی هەواڵێکی درۆ دامەزرا، گوایە، یەکێك لە سەرکردەکانی، بە چاوی خۆی بینیبووی، کادیستەکانی قوتابخانەی فێربوونی رامیاری بالآ– مەبەستیان بەلشەفیکەکانە–بەرەو جێگای کۆبوونەوەکە رێپێوان دەکەن. هەر کە ئەم هەواڵە پێ گەیشت، نائارامی کەوتە ناو کۆبوونەوەکە و هەڕەشەکانی کالینین، کۆزمین، فاسیلیفیان کەوتەوە بیر، بۆیە بڕیاری دامەزراندنی ئەو کۆمیتەیە دا[6] ئەمە دوکۆمێنتی خۆیانە، نەك پروپاگەندەی نەیارەکانیان!

لە بەلگەنامەیەکی تریان بە ئاشکرا دەنووسن: ئێمە دەمانەوێت دەسەلآتی کۆمونیستەکان بروخێنین و هەلبژاردنی نهێنی سۆڤیتاتەکان دەوێت[7]. وله هەمان لاپەڕەشدا دەنووسن: دەسەلآتی سۆڤێت، جووتیارە هەژارەکان لە دەسەلآتی کۆمونیستەکان رزگار دەکات! هەروا لە زۆربەی نووسراوەکانیان دووبارەی ئەم بۆچوونە دەکەن: لە ماوەی سێ ساڵ و نیوی حوکمڕانیان، تێر نەبوون لە خواردنی خوێنی زەحمەتکێشە هەژارەکان. . . سێ ساڵ و نیو لە حوکمڕانی تیرۆریستی کۆمونیستەکان[8]. ئەمەیە ناوەڕۆکی ئەو ئەنجوومەنە. ئەم بانگەوازانە رێك لە ئەلمانیا لەلایەن دوژمنانی کۆمونیزمەوە بەم شێوەیە جاڕیان بۆ دەدرا: بەلشەفیزم، جەنگ، بێ کاری و برسییەتی دەهێنێ. یا درووشمی"بەلشەفیزم، ژیانت دەخاتە مەترسییەوە. . . . هتد[9]. لەو کاتەی١٨ولآتی ئیمپریالیستی، دیموکرات و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی مۆدێرن و شارستانی، ئابلوقەی ولآتی شووراکانیان دابوو، برسییەتی و هەژاری بلآوبووەوەو هێشتا هەڕەشەی لەشکری سپی، مەنشەفیك، ماخانۆڤ لە ئۆکرانیا لە ئارادا بوو، کارگەکان راوەستابوون، دەرەبەگەکان بەرهەمەکانیان دەشاردەوە بۆ ئەوەی کرێکاران برسییان ببێ و هەر بەراستی برسییەتی هەڕەشەی لە گیانی ملیونان مرۆڤ دەکرد. بۆ نموونە بە گوێرەی ووتارەکەی نافزین (نوێنەری سۆڤێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان) ، نزیکە ٢٠–٣٠ملیون مرۆڤ رووبەرووی برسییەتی بوون. کەچی نەتەوە یەکگرتووەکان قبوولیان یارمەتی ئەو مرۆڤانە بدەن[10]. دەسەلآتی سۆڤێت لە بارودۆخێکی لە رادەبەدر دژواردا بوو، تاوانبارەکانی کرۆنشتات، دەنووسییان: دەسەلآتی کۆمونیستەکان، هەژاری، برسییەتی، سەرماوسۆڵ و زۆر شتی تریش لەم جۆرە کارەساتانە بە شێوەیەکی بێ وێنە بۆ هەموو روسیا هێناوە. کارگەران لە کار کەوتوون، شەمەندنەفەرەکان نزیکن لە پەککەوتن، لادێیەکان بە تەواوەتی تالآنکراون، نە نان دەستدەکەوێت و نە کەرەستەی کارکردن. . . .[11]

لەبەرامبەر ئەم تاوانبارانە و پروپاگەندە ژەهراوییانە، هاوڕێ لینین بە ئازار و هەناسەسوارییەوە، راستی و سەختی بێ وێنەیی ئەو قۆناغە لە کۆنگرەی دەیەمی حیزبدا دەخاتە پێش چاو و ووتی: هەموو ئەوەی کە پێویستە، ئەوەیە، ئەم

---

[4]/ دیموکراسی کرێکاری یا دیکتاتۆرییەتی حیزب، لاپەرە٣٠٦

[5]/ سۆسیالیزم یان بەربەرییەت، لاپەرەی٣٥

[6]/هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٣٠٧

[7]/هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٣٢٩

[8]/هەمان سەرچاوە، لاپەرە٤١٥

[9]/ گۆڤاری یوسۆس دالیم، لاپەرەی١و٨

[10]/ رووشە کرۆسپۆندێس، جلدی ٤، لاپەرەی٩٢٣

[11]/ دیموکراتی کرێکانە یان دیکتاتۆرییەتی حیزب، لاپەرەی٤١٧



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
07/06/2002 01:03

بارودۆخە نەختێك ئاسان بێت، ئێمە پێویستیمان بە ساڵێکە یا دوو ساڵ بە بێ برسییەتی، کەمتر نا، ئەمەش ماوەیەکی پوچە لە سەر ئاستی مێژوو، بەڵام ماوەیەکی گەورەیە بۆ باری ئێستای ئێمە. ساڵێك یا دوو ساڵ بە بێ برسییەتی، ساڵێك یان دوو ساڵ لە بوونی سووتەمەنی درووست بۆ ئەوەی کارگەکان بکەونە کارکردن، ئەسا زیاتر لە سەد بار، پشتگیری چینی کرێکار وەردەگرین و لە ریزەکانیاندا بلیمەتییەکی زۆر زیاتر هەڵئەدا لەوەی کە ئێستا هەمانە. . . . ئێمە ئێستا ئەم پشتگیرییەمانە نییە، نەك لە بەر ئەوەی ئێمە نامانەوێت، لە پێناوی گەیشتن بەم ئامانجە، ئەوەی پێمان بکرێت، دەیکەین. هیچ کەسێکیش نییە بتوانێ بڵێ کە حکومەت، سەندیکا و کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لەم بارەوە تاقە هەلێکیشی لە بار بردووە. ئێمە دەزانین کە دەست کورتی ترسناکە و برسییەتی و کلۆڵی لە گشت شوێنێکە. . . ئێمە لەوە ناترسین ناوی شەڕ و کارەساتەکان بەراستی بهێنین. . . .[12]

کۆنتراکان ئەوەیان بڵاودەکردەوە، گوایە کۆمونیستەکان دەڵێن"بزووتنەوەی کرۆنشتات تەنها لە لایەن گاردی سپی، رژێمی فەرەنسا و فینلەندا رێکخراوە". ئەمە درۆیەکی دیکەیە بۆ بیانووهێنانەوە بۆ تاوانەکانیان، چونکە هاوڕێ لینین ناوی هەموو ئەو هێزانە دەبات کە بەشدارییان لەو بزووتنەوەیە کردووە و دەڵێت: ئەمانە پلەیەکن، پردێکن بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەستی گاردە سپییەکان".[13]

بۆ روونکردنەوەی رۆڵی ئەنارشیستەکان لەو رووداوە، نامەکەی ئەلکسندەر بیرگمان، ئیما گولدمان و بیرکۆس پیترۆڤسکی دەخە بەرچاو کە لە ٥/مارس/١٩٢١نوسیویانە و ئیمزایان کردووە، تێدا هاتووە: ئێمە لە بەرامبەر هەموو دنیا دەڵێین کە ئێمە دەست لە ناو دەستی بەلشەفیکەکان و بە چەك، شان بە شانی پشتگیرانی شۆرشی سۆسیالیستی رادەوەستین. . . ئەوەی پەیوەندی بە قەیرانی کرێکاران و دەریاوانەکانەوە هەیە لە گەڵ دەسەڵاتی سۆڤێت، رامان وایە، هێشتا لە تواناد هەیە، ئەم قەیرانە بە رێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت، نەك بە رێگای چەك بەکار هێنان. . . هاورێیانی بەلشەفیکی، باش لێکی بدەنەوە، پێش ئەوەی کات درەنگ بێت، ئێوە یاری بە ئاگر دەکەن. . . پێشنیارەکانی ئێمە ئەوەیە کە شاندێکی هەڵبژێردراو لە پێنج کەس، دووانیان ئەنارشیست بێ، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بە رێگای ئاشتیانەوە، بنێردرێن بۆ کرۆنشتات. لەم کاتەدا، ئەمە باشترین پێشنیارە.[14]

رەنگە ئەوەی ئەم نامەیە بخوێنێتەوە یەکسەر سمپاتییەك پیشان دەدا بۆ نووسەرەکانی، بەڵام لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە، رۆڵی ئەمانە شتێکی تر بوو: ١/ خۆیان لەم پیلانگێرییە بەشداریان کردبوو. ٢/ لە هەموو بەیاننامەکانیاندا، داوای روخاندنی دەسەڵاتی کۆمونیستەکانیان دەکرد. ٣/ کۆمونیستەکانیان زیندانی کردبوو. ٤/ دەسەڵاتێکی دووگانەگیان درووست کردبوو. ٥/پاپۆرە جەنگییەکانیان داگیر کردبوو. هەر وەك لە نووسینەکانی هاوڕێ لینین ئاماژەی بۆ کراوە، چەندین جار هەوڵیان دتا بە رێگای ئاشتیانەوە گرفتەکە چارەسەر بکەن، داوایان لێ کرا، چەك بن، بەڵام ئەوان دروشمی"سەرکەوتن یا مەرگ"یان هەڵگرتبوو.

ئەلکسندەر بیرگمان لە نامیلکەیەکیدا دەنووسێ: لەم کاتەدا، جەنگە ناوخۆ. . . تەواو ببوو. [15]

نامیلکەکەی بەوە دەست پێ دەکات، تا ئۆباڵی ئەو ناهەموارییە بخاتە ئەستۆی هاورێیانی لینین، هەروا ئەو بۆچوونە راست نییە، چونکە جەنگە ناوخۆ لە مانگی مارس تەواو نەبوو، بەڵکو لە ٢٥/ئۆکتۆبەر/١٩٢١، واتە لەو رۆژەی کە دوا قەڵای دوژمنانی شۆرش لە ڤلادیڤۆستۆك رزگار کرا. هەروا ئاسەواری جەنگی ئیمپریالیستی و کلکەکانیان بە شەو رۆژێك تەواو نابێ.

---

[12]/ لینین، جلدی ١٠، لاپەرەی٣٨١

[13]/ هەمان سەرچاوە، لاپەرەی٣٣٨

[14]/ یاخی بوونی کرۆنشتات، ئەلکسندەر بیرگمان، لاپەرەی٢٤

[15]/ هەمان سەرچاوە، لاپەرەی١

ئەوەتە، بیرگمان بەخۆی دان دەنیٚ بە نیازو بۆچوونەكانیان، ودەنووسیٚ: ئیلیمێنتە شۆرشگێرەكان و كرێكارانی پترۆگراد دەستپێشكەر بوون لە بەرزكردنی دەنگیان لە دژی سەنترالّیستی بۆلشەفیكەكان و بیرۆكراتیان و جۆری بەرخوردی ئۆتۆكراتیان لە دژی جووتیار و كرێكارەكان. بەلشەفیكەكان بەرپرسیارن لە بەرامبەر بەشی زۆری هەژاری و كارەساتەكانی گەل[١٦]. بەدرێژایی نامیلكەكەی جوێن لە دوای جوێن لە دژی دەسەلاٌتی سۆڤێت و كۆمونیستەكان بەكار دەهێنێت و بەم ووتەیە كۆتایی پێدەهێنێت: كرۆنشتات لە رۆحی خاچكردنی پیرۆزیدا دەژێت[١٧]

لە پاش راپەرین، لە كوردستان گروپێك بەناوی (بەرەی هاوكاری بۆ رزگاری كردنی خەلّك) پەیدا بوو و گۆڤارێكیان بە ناوی (ژیانی نویٚ) دەركرد، كە ناوی گۆڤارێكی ئەنارشی ئیرانییە، ولە مانگی٩١/٧دەرچووە. ئەم گروپە، گالّتەجارییەكی سەیر خۆش بوو، چونكە بەرنامەیەكیان نووسیبوو، ئەم گالّتەجارییەش پیشان دا، بۆ نموونە نوسیبوویان: كاندیدی ئەندامێتی بۆ مەجلیسی تەشریعی، مرۆڤێك بێت سلیم العقل و البنییە (خالّی١٦أ) كتومت بیری نازییە چ جا لە باسی رزگاری خەلّك، وەك بلّێی كەم ئەندام مرۆڤ نەبیٚ! هەروا دەنووسن كاندید دەبیٚ لە لانی كەمەوە شەهادەی بكالۆریوسی هەبیٚ. . هەروا داوای حكومەتی پەرلەمانی دەكەن. . . نووسینەكەیان تەنها باسی پیاوانی دەكردوەك (ئەو پیاوانە كە رووداوەكان نایانچەمێنێتەوە. . . ئەو پیاوانە و غەیری ئەو پیاوانە سەر هەلّدەدەن. . . هتد. ئەم گروپەو گروپی سۆسالیزم یان بەربەرییەت یەك لە دوای یەك دەنگیان نەما، ئێستا گۆڤاری دالیان شوێنی گرتوونەتەوە. . . بە هەر حالٚ. . . .

بە گشتی، شۆرشی ئۆكتۆبەری مەزن، لە ١٨/مارس/١٩٢١لە كاتژمێری شەشی ئێوارە، بە سەر ئەم بزووتنەوە دژ بە شۆرشە سەركەوت.

٢٠٠٢/٦/٦

---

[16]/ هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٣

[17]/ هەمان سەرچاوە، لاپەرەی ٢١